# هەڵبژاردنەوەی شاڤێز بۆ جارێکی تر لەلایەن زۆرینەی خەڵکی ڤەنزویلاوە !

( سالم کەریم) کاوە

کۆتای دیمسەبەری 2006



هۆگۆ شاڤێز سەرۆکی ڤینزوێلا بۆ جارێکی تر لەهەڵبژاردنی سەرۆکایەتی ئەو وولاَتەدا کە تێدا 78٪ دانیشتووانی ئەو وولاَتە بەشداریان لەو دەنگدانەدا کرد ، ئەو 61٪ دەنگەکانی بەدەست هێنا . دوای دەرچوونەکەی پەیامی شاڤێز بۆ پشتیوانانی ئاڵوگۆڕپێکردنی بنەما ئابووریەکانی ئەو وولاَتەیە بەرەو سۆسیالیزم ، دوبارە دابەشکردنەوەی داهاتوو و سەروەتوو سامانی وولاَتە بەسەر خەڵکی هەژار نیشینی ئەو وولاَتەدا. لەبالەکۆنی کۆشکی سەرۆکایەتیەوە شاڤێز پەیامی ئەوەی بە خەڵکی وولاَتەکەی دا کە فەراهەمکردنی دنیایەکی باشتر ئیمکانی هەیە ، وەپەیمانی پێدان کە ڤینزویلا نموونەی ئەو دنیا باشە دەبێت کە خەریکە بنیاتی دەنێین. دووبارە هەڵبژاردنەوەی شاڤێز لەو وولاَتەدا دەگەڕێتەوە بۆ خەرجکردنی چەندین ملیۆن یۆرۆ لەمەیدانی بەرنامە کۆمەلاَیەتیەکاندا . بۆ نمونە دابینکردنی خۆراك بۆ خەڵکی هەژارو فەراهەمکردنی خوێندن بەخۆڕای و چەندین پرۆگرامی تری کۆمەلاَیەتی ئەو هۆکارانەن کە شاڤێزیان بۆ دەورەیەکی تری سەرۆکایەتی لەدەستەلاَتدا هێشتەوە. نەیارانی شاڤێز بەنیگەرانیەوە دان بە سەرکەوتنی شاڤێزدا دەنێن. بەلاَم هاوکاتیش دەڵێن دەبێت کارێك بکرێت بۆ ئاڵوگۆڕپێکردنی ئەو ووەزعە چونکە پێیان وایە کۆمۆنیزم خەریکە دەبێتە واقیعەتێك لە وولاَتەکەیاندا .

ئەوانەشی کەدەنگیان بەشاڤێز دا زۆربەیان کریکاری کارەخانەکانن کە ماوەیەکی زۆر نییە دەوڵەت خانووی بەسەردا دابەش کردوون ، ئەوان بەخۆشحاڵییەوە دەڵێن: بەرنامەکانی شاڤێز دەرامەت و ژیانی خەڵکی ڤینزوێلا لەئایندەیەکی نزیکدا دەگووڕێت ، چونکە سیاسەتەکانی شاڤێز لەچەند ساڵی ڕابردوودا بەرژەوندی خەڵکی هەژار و کەمدەرامەتی لەپێش هەموو شتێکەوە دانەوە .[1]

جۆن کێری کاندێتی دیموکراتەکانی ئەمریکا و جۆرج بووشی سەرۆك لەساڵی 2004 دا ڕەخنەیان لە شاڤێز دەگرت بەوەی کە سەرۆکێکی بیرۆکراتی دژە دیمۆکراسیە. نادیموکراسی بوون ئەگەر بەو مانایە بێت کە هەموو کاروبارەکانی دەوڵەت لەلایەن نوخبەیەکی دەوڵەمەند و خاوەن سەرمایەوە بەڕێووە ببرێت ، ئەوە شاڤێز لەگەڵ خوێندندا بەشێك لە تەمەنی منالی بە دەستفرۆشی بەسەر بردووەو لەخانوویەکی حەسیردا خانەوادەی گەورەیان کردووە، وەلەو کاتەوەی بووە بەسەرۆکی ئەو وولاَتە پایەیەکی کۆمەلاَیەتی فراوانی هەیە لەنێو خەڵکی وولاَتەکەیدا . شاڤێز بەڕەچەڵەك تیکەڵەیەکە لە ئەمیرێندیانی (Amerindian) ئەفریقی و ئیسپانی ، هەرچەندە لەهیچ شوێنێکدا دژایەتی سپی پێستەکان ناکات ، بەلاَم بێگومان دژی ئەو جۆرە دیموکراسیە کە ئەوان باسی دەکەن ، چونکە تاکە پالپشتیەك کا شاڤێز هەیەتی خەڵکی هەژار بەشمەینەتی ڤەنزویلایە. لەڕاستیدا ئەگەر دیمۆکراسی بەو مانایە کە دەستەلاَت ببێتە ئامرازێك بۆ ئەوەی هەرچی سەروەت سامانی دەوڵەت هەیە تالاَن و برۆ بکرێت و لە خەزێنەی کۆمپانیا گەورەکاندا کەڵەکە بکرێت ، ئەوە بێگومان چاوخشاندنێك بەو دەستکەوتانەی کە لەماوەی دەستەلاَتدارێتی لەڕابردوو و ئێستادا شاڤێز بەدەستی هێناوە بۆ خەڵك پێچەوانەی ئەو جۆرە دیموکراسیە کە لەووڵاَتانی بەناو دیموکراتدا بەڕێووە دەچن. بەلاَم ئەگەر دیمۆکراسی بەمانای پاککردنەوەی وولاَت بێت لەگەندەڵی و نەخۆشیە کۆمەلاَیەتی و ئابووریەکان و یەیوەندیەکی ڕاستەوخۆو تێکەڵ بوونی دەستەلاَتە لەگەڵ خەڵکیدا ، ئەوە بێگۆمان شاڤێز کووڕی ئەو جۆرە دیموکراسیە.[2]

---

[1] Michael A. Lebowitz. It is my party, and I will cry, if I want to: Chavez move forward. December 18, 2006. http://www.zmag.org/content/showarticle.cfm?SectionID=45&ItemID=11661 ( December 19, 2006).

[2] Rosa Maria Pegueros . Chavez's Venezuela: A Fighting Chance for an Egalitarian Society. http://www.commondreams.org/views04/0823-13.htm ( December 29, 2006)

دروشمێك کەشاڤێز لەبالەکۆنیەی کۆشکی سەرۆکایەتیەوە ووتەکەی  کۆتای پێهێنا  بۆ خەڵکێکی زۆر کە لەبەر لێزمەی بارانێکی زۆر بەتامەزرۆوە گوێبیستی قسەکانی دەبوون ، گەواهی ئەوە دەدات کە شاڤێز وەك سەرۆکە دیمۆکراتەکانی تر قسە ناکات بۆیە بە دژە دیموکراتی لەقەڵەم دەدەن . لەسەدەی بیست و یەکدا گوێبیستی سەرۆکی وولاّتێك نابیت کە بڵێت : " مەرگ بۆ ئیمپریالیزم و کاپیتاڵیزم ، باخەبات بکەین دژی تەوژمی نامرۆڤانەی نیۆلیبراڵیزم"، بەلاّم ئەمە دوا قسەی شاڤێز بوو بۆ ئەو کەسانەی کە جارێکی تر هەڵیانبژاردەوە.

زۆرینەی بەرنامە کۆمەلاّیەتیەکانی شاڤێز ڕەنگە لە بەرنامەی حزبێکی سۆشیال دیموکارتی ڕادیکاڵی سەدەی بیست تێنەپەڕێت لەئێستادا ، بەلاّم ئاشکرایە ئەو وولاّتانەی بەسۆشیال دیموکرات دەناسرێنەوە بەتایبەت وولاّتانی ئەوروپا وەرچەرخانێکی خێرا بەخۆویانەوە دەبینن بەرەو ڕاست و جیاوازیەکی زۆریان نەماوە لەگەڵ وولاّتانی تری کاپیتالیستیدا کە ئێستا بە وولاّتانی "Core "[3] دەناسرێنەوە . بۆیە ڕەوشێکی سیاسی لەبابەت ئەوەی شاڤێز گرنگی خۆی هەیە ، چونکە ئەمرۆ لەدنیادا ئەستەمە سەرکردەیەك  بتوانێ 70٪ دەنگەکانی خەڵکی هەژاری وولاّتەکەی بەدەست بهێنێت . ئەمڕۆ لەدنیادا حکومەتەکان شانی خۆیان خاڵی ئەکەنەوە لەخزمەتگوزاریە کۆمەلاّیەتیەکان و زۆرینەی کەرتەکان دەفرۆشنەوە ، کەچی شاڤێز بەپێچەوانەوە ئەو کەرتانە دەگەڕێنێتەوە بۆ ژێر دەستەلاّتی دەوڵەت بەلاّم بەتایبەتمەندیەك کە شاڤێز لەژێر ناوی " بولیڤاریان " دا لەقەڵەمی دەدات . تاریق عەلی نووسەر لەچاوپێکەوتنێکدا لە شاڤێزدا دەپرسیت "بۆلیڤار" بوونی ڕەوشە سیاسییەکەی ڤەنزویلا و تایبەتمەندیەکانی بۆ ڕۆشن بکاتەوە؟ ئەو بەم شێوەیە وەلاّمی دەداتەوە و دەڵێت: سەرباری باوەڕی تەواوم بەسۆسیالیزم ، من باوەڕم بە شۆڕشێکی دۆگمی مارکسیستی کۆن نیە ، وەپێم وانیە ئێستا ئێمە لەسەردەمی شۆڕشی پرۆلیتاریادا بژین ، وەهاوکات دەبێت ئەوەمان قبووڵ بێت کە دنیا زۆر گۆڕاوە. من لەئێستادا ڕاستەوخۆ دەرگیر نیم لەگەڵ نەهێشتنی خاوەنداریێتی تایبەت و سەندنەوەی ئەو دەستکەوتانەی هەندێ خەڵك کەلەم وولاّتەدا بەدەستهاتووە ، چونکە زۆرینەی خەڵکی ئەم وولاّتە بەکریکاری و ماندوو بوونێکی زۆر بەدەستیان هێناوە ، بەلاّم ئەگەر لێم بپرسی ئایا ئیمکانی ئەوە هەیە کە سەروەت و سامانی ئەم وولاّتە بەیەکسانی دابەشبکرێتەوە، ئەوە بەبێ دوودڵی ڕأدەگەیەنم کە ئێمە ئەو کارە دەکەین و دەمانەوێت ئەو جیاوازیە نەهێڵێین لەنێوان خەڵکی ڤەنزویلادا. بێگومان ئێمە بەشێك لەخەڵکی دەوڵەمەندمان هەیە کە ئارەزووی ئەوە ناکەن باج بدەن ، بەلاّم دانی باج و سەرە کارێکی ئارەزوو مەندانە نییە بەڵکو یاسایەکە ئەبێت هەموو تاکێك ملکەچی بێت بەشێوەیەکی یەکسان . لەئێستادا من پێم وایە هەنگاوەکان بەرەو سۆسیالیزمێکی دیموکراسی و ڕاستەڤینە لەگرەوی گرتنەبەری ڕیگای درووستدایە ، جا کێشە نیە چوونە پێشەوەکان کەمیش بن ، چونکە دەستکەوتێکی کەم و درووست زۆر باشترە لە گرتنەبەری ڕیگەی هەڵەو و ووتنەوەی درووشمی بەرز و بێ دەستکەوت و تەنیا خەو بینین بەسۆسیالیزمەوە.[4]

لەڕێگەی ئەم قسانەی شاڤێزەوە ئەتوانین لەکۆتایدا ئەوە بڵێین لەدنیایەکی وەك ئەمڕۆدا ، لەگەڵ ئەو هەموو کوشتن بڕین و دەردەسەریانەی کە دەگوزەرێت بەبەرچاوی هەموو بەشەریەتەوە، گرنگی کەسێکی وەك شاڤێز ئەوە نیە باوەڕمان وابێت کە سۆسیالیستێکی  ساغی زەمانی خۆیەتی و دەتوانی خۆشگوزەرانی و کامەرانی لەئایندەیەکی زۆر نزیکدا بخاتە نێوان خەڵکی ڤینزویلاوە و " کاری کرێگرتە هەڵبوەشێنیتەوە" کۆمەڵگایەکی egalitarian یاخوود بێ چین بنیات بنێت ، بەڵکو هەنگاوەکانی شاڤێز هەوڵیکە لەو مەیدانەدا ، چونکە ئەو دژی ئیمپریالیزم و نیۆلیبراڵیزمە ، ئەو هەڵگری پەیامێکی مەزهەبی یاخوو ناسیۆنالیستی نیە ، بەڵکو وەك خۆی دەڵێت باوەڕی بەسۆسیالیزمێکی دیموکراسی هەیە ، سۆسیالیزمێك بەکەڵکی سەدەی بیست و یەك بێت و شەڕی سەرەکەی ئەو سۆسیالیزمە لەگەڵ ئەوەدا بێت کە دەوڵەتێکی کاپیتاڵیستی تر درووست نەکەرێت بەناوی سۆسیالیزمەوە ، کەرەسەکانی بەرهەمهێنان نەخرێنە سەرووی ئینسانەوە . بەڵکو هەرچیەك دەکرێت ئەبێت لەخزمەت ئینساندا بێت ، ئەو باوەڕی بەسۆسیالیزمێکی هیومانیستی هەیە ، بۆیە بۆ جارێکی تر هەڵبژێردرایەوە .[5]



---

[3] Core : بەو وولاّتانە یاخوو ناوچانە دەوترێت کە لەباری تەکنەلۆژیا و مانیفاکتۆریاوە پێشکەوتوون و کەڵك لە کەرەسە خاوەکانی وولاّتانی هەژار peripghery یاخوو پێنەگەیشتوو وەردگرن

[4] Tariq Ali. Why he crushed the oligarchs the importance of Hugo Chavez. August 16, 2004. http://www.counterpunch.org/tariq08162004.html ( December 20, 2006).

[5] Alan Woods. Chavez: “Capitalism must be transcended”. London, 1 February 2005. http://www.marxist.com/Latinam/chavez_speech_wsf.htm. (December 28, 2006).